عەبدوڵڵا موهتەدی:

لەگەڵ جیابوونەوەی باڵی کەمینەدا نیم

سلێمانی:

سۆران پاڵانی

عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری کۆمەڵە لە دیدارێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاسۆ ڕاشکاوانە باس لە کێشەی جیابوونەوەی باڵی کەمینە و وردەکارییەکانی دوازدەهەمین کۆنگرەکەیان دەکات.

*** لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا دوازدەهەمین کۆنگرەتان بەست بەبێ بەشداری باڵی کەمینە؟ دەسەڵاتی ئەوەتان دایە کۆمیتەی ناوەندی کە (٥) ئەندام بۆ سەرکردایەتی لەباڵی ناوبراو هەڵبژێرێ، هەڵوێستی ئەوان چی بووە؟**

– ئێمە لە گفتوگۆ سەرەتاییەکاندا کە پێکەوە کردوومانە، ئەوان بەوە ڕازی نەبوون، بەڵام هەوڵیان لەگەڵ دەدەین، چونکە ئەمە باشترین ڕێگاچارەیە کە بۆ هەردوولا گونجاوە و کەرامەت و دەور و ڕۆڵی هەردوولا لەبەرچاو دەگرێ و ڕێگایەکە بۆ سارێژکردنەوەی برینەکان، هیوادارین ئەو هاوڕێیانە لێمان قبووڵ بکەن.

*** ئەوان کۆنگرە و خودی هەڵبژاردنەوەی تۆش بە مەشروع نازانن، ئەمە کێشەکان ئاڵۆزتر ناکات؟**

– لەسەر کۆنگرە با ئەوەبڵێم: لەکۆنگرەی (١١)دا بڕیارماندا کە کۆنگرەیەکی زووتر لەکات و ساتی خۆی بگرین و لەم بڕیارەدا ئەو هاوڕێیانەمان لەگەڵبوون و بەشاهیدیی هەمووان پێیان خۆش بوو ماوەکەی لە ساڵێکیش کەمتربێ. لە بڕیاری بەستنی کۆنگرەدا ئەوانمان لەگەڵ بوون، لە دیاریکردنی کاتی کۆنگرەشدا بەکۆی دەنگ دیاریمان کرد، کە دەنگی ئەوانیشی لەگەڵ بوو، پەیڕەوی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە یەک خاڵی ئەوان قسەیان لەسەری هەبوو، ئەوەشمان بەدڵی ئەوان گۆڕی و ئیتر هیچ قسەیەکیان نەبووە و بەدوای ئەوانەشدا دۆستان و کۆمەڵێ کەسایەتی کە ناوبژیان دەکرد بەحزووری ئەوانیش چەندینجار ڕایانگەیاندووە کە بەم کۆنگرەیەوە پابەند دەبن و ئیلتیزامی پێوە دەکەن، بەڵام لە ئاخرین کاتدا ئەوان بایکۆتی کۆنگرەیان کرد. لەڕاستیدا ڕاگەیاندنی ئەوان بۆ بایکۆتی کۆنگرە شەوێک هات کە بەیانییەکەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە بوو. ئەوان لە ڕێکەوتنەکە پاشگەزبوونەوە و خۆیان لە یاسا بەدەرخست و لە پەیڕەوی ناوخۆ و ڕێکەوتننامەکەمان لایاندا، لەبەرئەوە کۆنگرە شەرعیەتی خۆی لەدەست نادات بەبەشداری نەکردنی ئەوان، دیارە بۆ ئێمە جێی داخ بوو کە بەشدارییان نەکرد، بەڵام بێ ئەوان ئیشی کۆنگرە زۆر یاسایی بوو و کارەکانی خۆی بردەپێشەوە و دەیشیتوانی هیچ دەنگ نەدا بۆ ئەو (٥) کەسە و دەسەڵات نەدا بە کۆمیتەی ناوەندی بۆ زیادکردنی ئەو (٥) کەسە، بەڵام بۆ نیشاندانی نیازپاکی خۆی و بۆ ئەوەی جارێکی دی، هەوڵێکی تر بدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هاوڕێیانی کەمینە ئەم پێشنیارەی کرد.

***ئایا بەهاوکاری دۆستانتان ڕێکەوتنتان نەکرد بەر لە کۆنگرە؟ ئایا ئەوان کاریان بەو ڕێکەوتننامە نەکرد؟**

– بەداخەوە نەیانکرد و یەکێک لە موشکیلەکان ئەوەبوو، ئەم ڕێکەوتننامەیە نووسرا، لەم ڕێکەوتننامەیەدا هەموو ئەو شتانەی ئەوان دەیانویست و تێیدا گونجا هێنامانە کۆمیتەی ناوەندی و هەمووان بەخۆشیانەوە دەنگیان پێدا. هەروەها کاک عومەر ئیلخانی زادە بەنوێنەرایەتی هاوڕێیانی کەمینە ئیمزای کرد و ئیمزاکەی هەیە، بەڵام بەداخەوە ئەوان ڕێکەوتننامەکەیان جێبەجێ نەکرد. یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی ڕێکەوتننامەکە ئەوەیە کە کەمینە کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەوەشێنێتەوە و هیچ گروپبەندییەکی دیکەش لەناو یان دەرەوەی کۆمیتەی ناوەندی پێکنایەت، بەڵام کاریان بە هیچ لە خاڵەکان نەکرد. ئێمە ئەو خاڵانەی کە لە ڕێکەوتننامەکە هاتبوو هەموو ئیلتیزاممان پێوەکرد، بەڵام ئەوان بەڕێوەیان نەبرد.

*** کێشەی ئەوان تاچەند کێشەی سیاسییە؟**

– هیچ کێشەیەکی سیاسی نییە کە هەڵگری ئەم ناکۆکییە بێ. هەمیشە لە حزبێکدا هەموو کەس لەسەر هەمووشتێک وەکویەک بیرناکاتەوە. خۆ ئینسانەکان لە کارگە دروست نەکراون. ڕەنگە من شتێک بڵێم یان کەسی تر شتێک بڵێت، بەڵام ئەمە ناگەڕێتەوە سەر کەمینە و زۆرینە. لەنێو هەموو هاوڕێیانمان لە سەرکردایەتی و لە بەدەندا ڕەنگە جیاوازی هەبێ لەسەر شتەکان لە بیرکردنەوەدا، بەڵام تائێستا هیچ ناکۆکی فیکری و سیاسیی لەلایەن ئەوانەوە ڕانەگەیەندراوە. هەموو دۆستان و ناوبژیوانان کە هاتوون و لێیان پرسیوین، هاوڕێیانی کەمینە بەڕاشکاوی بەلای ئەوانەوە وتوویانە کە نەخێر هیچ ئیختلافێکی سیاسیی لەئارادا نییە. بەڕاستیش هیچ کێشەیەکی سیاسیی وا نییە کە تەوزیحی ئەم کەمینە و ئەم دووبەرەکایەتییە بدات.

***دیارە بە گرتنی کۆنگرە، کەمینەیەک کە بەناوی کۆمیتەی ناوەندییەوە هەبوو هەڵدەوەشێتەوە و لەڕووی یاساییەوە ئەوان مافی کۆمیتەی ناوەندییان نەماوە و ئێوە ڕێبەرایەتی تازەتان هەڵبژاردووە. بۆ دانووستان لەگەڵیان دەکەن کە شەرعیەتی کۆمیتەی ناوەندییان نەماوە؟**

– لەڕاستیدا وەکو کەمینەی پێشوو بەواقیع لەجێی خۆیان ماونەتەوە. لە هەرحاڵدا ئێمە بۆ چارەسەری کێشەکان ئامادەین قسەیان لەگەڵ بکەین. تائێستاش کۆڵمان نەداوە کە لەگەڵیان بدوێین و هەوڵبدەین کە بە ڕێکەوتنێک بگەین.

هیچ ناکۆکیەکی سیاسی لەگەڵ کەمینەدا نییە، پێموایە تموحی ئەوان شەخسی و دەسەڵاتە

***داواکارییە شەرعییەکانیان چییە؟**

– بەڕاستی دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی پەنابردنی ئەوان بۆ کەمینە و خوڵقاندنی ئەم دووبەرەکایەتییە ئێستاش بەباشی لەمن ڕوون نییە، چونکە هەروەکو باسمکرد هیچ جۆرە ناکۆکییەکی سیاسیی ئەوتۆ لەئارادا نییە کە هەڵگری ئەم دووبەرەکایەتییە بێ و شەرعیەتی پێ بدا. بۆیە پێموایە تەنها تموحی شەخسی و دەسەڵات بێ و مەگەر تەنها ئەمە بتوانێ ڕوونی بکاتەوە و من هیچ شتێکی دیکە نابینم.

***ئەوان خۆیان بەباڵی ڕیفۆرم و چاکسازی ناساند، لەکاتێکدا بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیەی کە کراوە هیچ کێشەیەکی سیاسیی و تەشکیلاتییان نەبووە؟**

– پێموایە وشەی ڕیفۆرم و چاکسازییان تەنها بۆ ئەوە بەدەستەوە گرت کە لە نەبوونی خەتێکی سیاسیی واقیعیدا، لە نەبوونی ناکۆکیی سیاسیی و جیاوازییەکی سیاسیی ڕاستەقینەدا جۆرە شەرعیەتێک بدەن بۆ دروستکردنی ئەو کەمینەیە و ئەم دووبەرەکایەتییە لەناو کۆمەڵەدا، بەڵام لەڕاستیدا نە بەرنامەی چاکسازییان هەیە، نە خۆشیان بچووکترین چاکسازییان کرد لەو ماوەیەدا.

چاکسازی لە کۆنگرەی دەیەمی کۆمەڵەدا باسکراوە، دواتریش بێگومان دەبێ کۆمەڵەش وەکو ڕەوتێکی پێشکەوتووخواز و نوێخواز چاکسازی لە بەرنامەی کاری خۆیدا دابنێ، بڕوامان بە نوێکردنەوەی زۆر شت هەیە، چاکسازی لەزۆر بواردا هەیە، لەبواری ڕاگەیاندندا، لە ڕێکخستندا، لە مودیریەت و زۆر شتی تردا، ئەوانە دەبێ بکرێ، بەڵام ئەوان نە بەتیۆری و نە بەکردەوە ئاڵاهەڵگری هیچ چاکسازییەک نەبوون. هەڵسوکەوتی ئەم دەورەیەشیان نیشان دەدا کە چاکسازی وشەیەکی گونجاو نییە بۆ ئەو هاوڕێیانەی کەمینە.

*** بەپێی زانیارییەکان، ئەوانەی لەگەڵ کەمینەن، خەڵکی وان کە پێشتر لەبەر بێ نەزمی و ڕەعایەت نەکردنی کاروباری حزبی وەلانراون و دەڵێن کێشەی زۆریان لەنێو خۆشیاندا هەیە، ئێوە چی دەڵێن؟**

– لەڕاستیدا ئەو هاوڕێیانەی کە بەناوی کەمینە لەدەوری یەک کۆبوونەتەوە، خۆیان هیچ ئینسجامێکی فیکری و سیاسییان لەناو یەکتریدا نییە. لەبەرئەوە پێموانییە هیچ پلاتفۆرمێک یان ڕێبازێکی سیاسیی هەبێ کە بتوانێ ئەوان لە دەوری یەکتر کۆبکاتەوە.

***پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە لەم کۆنگرەیەدا دەستکاریی کرا، ئەو ئاڵوگۆڕانە چییە لە پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەدا کراوە؟**

– بەڵێ پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە دەستکاریکراوە. دوو سێ مادەشیان هێڵرانەوە کە کۆمسیۆنێک کاریان لەسەر بکا و پێیاندا بچێتەوە و فۆرمەلەی تازەیان بۆ بدۆزێتەوە و لە چوار مانگی داهاتوودا بخرێتە بەردەم ئەندامان و گفتوگۆیان لەسەر بکرێ تا سەرەنجام لە کۆنفرانسێکدا یان لەڕێگەی ڕاپرسی لەلایەن ئەندامانەوە بڕیاریان لەسەر بدرێ، بەڵام زۆربەی چاکسازی ناو پەیڕەوی ناوخۆ هەر لەم کۆنگرەیەدا کرا و ئەو دەقانەی کە بۆی دانرابوو ئەندامان بەوردی باسیان لەسەر کرد و دەنگیان لەسەر دا، سەرەنجام پەیڕەوی ناوخۆ بەکۆی دەنگ پەسەند کرا.

*** دوارێگا چییە دەیخەنە بەردەم باڵی کەمینە کە یەکگرتوویی بگەڕێتەوە و جیابوونەوە ڕوونەدا؟ لەکاتێکدا مەسەلەی جیابوونەوە بووەتە باو و قەیرانی لەناو حزبەکاندا دروست کردووە ؟**

– بێگومان ئێمە لەگەڵ جیابوونەوەی ئەو هاوڕێیانەدا نین، ئەوانە هاوڕێیانی خۆمانن و پێمان باشە هەربمێننەوە لە کۆمەڵەدا و دەبێ پێکەوە کاربکەین و پێمانوایە کۆمەڵە داهاتوویەکی گەشی هەیە کە دەبێ هەمووان لە خۆشکردنی زەمینە بۆ داهاتوو پێکەوە هاوکاریی بکەین و بەتایبەتیش جیابوونەوە کاریگەرییەکی سلبی دەبێت لەسەر ڕای گشتی و لە هەمانکاتیشدا هیچ جیاوازییەکی فیکری و سیاسیی و بەرنامەیی ئەوتۆ لە ئارادا نییە کە ئینسان بڵێ تازە ڕێگەیەک نەماوەتەوە. ئێمە لەگەڵ جیابوونەوەدا نین، بەڵام بەداخەوە ئەو هاوڕێیانە جۆرێک هەڵسوکەوت دەکەن و ڕووداوەکان بەرەو ئەو لایەنە دەبەن. ئاخرین پێشنیاری ئێمە بۆ ئەوان ئەوەیە ئەو (٥) کورسییەی کە بۆیان دیاریکراوە لە کۆمیتەی ناوەندیدا پڕی بکەنەوە و بێگومان گەر ئەو کارە بکەن دەتوانن بێنە ناو دەفتەری سیاسییەوە و خۆشیان دەزانن ئەوە باشترین و شەرافەتمەندانەترین ڕێگاچارەیە بۆ هەموو لایەکمان، بەڵام گەر نەشیانەوێ ئەوکارە بکەن و بەشداریی بکەن، لەم حاڵەتەدا ئیلتزام بەپەیڕەوی ناوخۆ بکەن، ئێمە مافەکانیان قبووڵ دەکەین. مافی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن و سیاسییان بەڕەسمی دەناسین لەناو کۆمەڵەدا.

*** دیارە لەم کۆنگرەیەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێ مەسەلەی گرنگ بوونەوە، لەسەر ئێران و کوردستان، تازەترین بەرنامە و هەڵوێستتان چییە؟**

–ئێستا لە ئێران شەپۆلێکی گەورەی سەرکوت و داپڵۆسین لەلایەن ڕژێمی ئەحمەدی نەژادەوە دەستی پێکردووە. کۆنگرە هاتەسەر ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە کە دەوەستنەوە بەرامبەر بەم ڕژێمە، بزووتنەوەی خوێندکاران و ژنان و لاوان و ڕۆشنبیران. ئێستا ململانێیەکی زۆر گەرموگوڕ لەنێوان دەسەڵات و خەڵکدا لە ئێراندا هەیە، ئێمە دڵخۆشین بەوەی کە سەرەنجام ئەم بزووتنەوانە بتوانن یەکبگرن و بەهێزبن و شەپۆلێکی گەورەی بزووتنەوەی جەماوەری بکەوێتەوە گەڕ. ئەوانە قسەیان لێکرا و هەروەها بارودۆخی ئابووری هاتە بەرباس و ئەو گرفتانەی کە لە کۆماری ئیسلامی بەگشتی و بەتایبەتی لەدەوری ئەحمەدی نەژاددا هاتوونەتە پێشێ بۆ ئابووری ئێران باس کرا. مەسەلەی قەیرانی سووتەمەنی و گەمارۆی ئابووری و کاریگەرییەکانی لەسەر ئابووری ئێران و ژیان و گوزەرانی خەڵک باس کرا. ئەگەر ڕژێمی ئێران هیچ کێشەی سیاسیشی نەبێ، کێشە ئابوورییەکان دەتوانم بڵێم بەسن بۆ لەپێ دەرهێنانی و پشتشکاندنی ئەم ڕژێمە. بێجگە لەمانەش قەیرانە جیهانییەکان دێنەئاراوە بۆ ئێران. ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ئێران دووردەکەوێتەوە لە کۆمەڵی نێونەتەوەیی و فشارەکان لەسەری لە زیادبووندان. دیارە ماوەی دوو مانگێکە توانیوەتی خۆی بدزێتەوە لە بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایش بەهۆی گەمەیەکی سیاسیی کە دەیکات لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆم بەو بەڵێنانەی کە پێیداون، بێگومان ڕژێمی ئێران ئەم قەولانەشی درۆیە و دواتر پێموایە گەمارۆی ئابووری سەختتری بەسەردا دەسەپێنن. زۆر بەزەحمەتی دەبینم ئێران لەوانە بەئاسانی ڕزگاری ببێ.

لەم هەلومەرجەدا باسمان لەوەکرد دەبێ بەرەی کوردستانی کاری زۆرتری بۆ بکەین بۆ پێکهێنانی ئیجماعێک لەنێو ئەحزاب و کەسایەتی کورددا. هەروەها لەسەر بەرەیەکی دیموکراسیخوازی فراوانی ئێرانی کە هەموو ئازادیخوازان بەفراوانی لەئێراندا بتوانن لەدەوری پلاتفۆرمێک کۆکاتەوە. دیارە دەبێ مافی نەتەوەکان و گەلی کوردیشی تێدابێ. لەسەرێکی تریش لە مانگەکانی ڕابردوودا یەک دوو کۆبوونەوەی زۆرباش کراوە لە دەرەوەی وڵات بەتایبەت کۆبوونەوەی گەورەی پاریس لەنێوان ئۆپۆزسیۆنی ئێراندا. دیارە هەموو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی تێدا نەبوون، هێشتا ئەو یەکگرتووییە لەنێوانیاندا نییە و کۆمەڵێ ناکۆکی هەیە لە نێوانیاندا، بەڵام ئێمە وەکو کورد و وەکو کۆمەڵە میحوەرێکین و لە هەموو کۆبوونەوەیەکی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا دەوری زۆر چاکمان بینیوە و لە کۆبوونەوەی پاریسدا زۆرچالاک بووین. پێمانوایە کورد دەتوانێ میحوەرێک بێت بۆ کۆکردنەوەی هەموو بەشەکانی ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسیخواز و ئازادیخوازی ئێرانی، لەم ڕێگایەوە هەم بەشداری دەکا لە ڕووخاندنی ڕژێمی ئێران و گۆڕانکاریی سیاسی داهاتوو، لە هەمانکاتیشدا لە دروستکردنی ئەم بەرەیەدا کورد مافەکانی خۆی دەخاتەڕوو. ئەمانە بەکورتی دەتوانم بڵێم ئەو خاڵانە بوون کە لەبەشی سیاسیی کۆنگرەی دوازدەهەمی کۆمەڵەدا هاتنە ئاراوە.

عەبدوڵڵای موهتەدی

*** سەبارەت بە بەڕێوەبردن و حزبایەتی و کاری ڕێکخستن، چۆنتان باس کرد؟ ئەی مەسەلەی ئوستانی گرینی کورد و کرماشان و ئیلام کە هەموو حزبەکان لەوێدا لاوازن، ئایا باستان لە کارکردنی ڕێکخستنەکانتان لەم ئوستانانەدا کردووە؟**

– تەئکیدمان لەسەر کارکردن لەو ناوچانە کردۆتەوە و گرنگییەکی تایبەتییان لەبەرچاوی ئێمە هەیە. ڕاستە ڕێکخستنی ئێمە لەو شوێنانەدا لەئاستی پێویستدا نییە و دەزانین ئەو کەموکوڕی و بۆشاییە هەیە و هەوڵ بۆ پڕکردنەوەی دەدەین. ئەوانە بەشێکی زۆر گرنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و پەیوەستبوونی ئەوان و تێکەڵاوبوونیان لەسەرجەم بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ داهاتوو چارەنووسسازە و ڕەنگدانەوەشی لە کۆنگرەدا هەبوو کە لە خەڵکی ئەو ناوچەیە دوو کەس هەڵبژێردران بۆ کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە.

***ئەی مەسەلەی ڕاگەیاندن کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، یەکەم جار تەلەفزیۆنتان دانا هەرچەند ئێستا کەلوپەلەکەی دزراوە، سایتەکانتان لاوازە، بیر لە بەهێزکردنی ڕاگەیاندن دەکەنەوە؟**

–ڕاگەیاندنمان کەموکوڕیی پێوەدیارە بەتایبەتی لە شەش مانگی ڕابردوودا، تەلەفزیۆنەکەمان کزبووە و پێویستی بە بوژاندنەوەیەکی زۆر جددی و ئاڵوگۆڕی جددی هەیە. ڕۆژنامەمان چەند مانگ چاپ و بڵاو نەکراوەتەوە کە دەبێ لەم چەند ڕۆژەدا بکرێ. سایتەکانمان کزن و ئەوەندەیان مشتەری نییە.

***ئەی سەبارەت بە دروستکردنی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، چیتان کرد لە کۆنگرەدا؟**

– ئەمە یەکێک لەو خاڵانە بوو کە هاتە نێو پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەوە. ڕێکخراوە سینفی و دیموکراتییەکان بوون بە یەکێک لەو ئەرکانەی کە دەبێ کۆمەڵە لەئەستۆی خۆی بزانێ.

*** لەم دەورەیەدا جارێکی تر بوویت بە سکرتێری کۆمەڵە، چ بەڵێنێک بە خەڵکی کوردستان و حزبەکە دەدەی؟**

– تا ئەم کۆنگرەش سکرتێری گشتی لە پلنیۆمەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا هەڵدەبژێردرا، لەپەیڕەوی ناوخۆی تازەمان وا بەباش زانراوە وەکو زۆربەی حزبە ئەوروپاییەکان سکرتێری گشتی لە کۆنگرەدا هەڵبژێردرێ. پێشەکی سوپاسی زۆری ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە جارێکی تر متمانەیان بەمن بەخشییەوە، بۆ من شانازییەکی گەورەیە کە لەم سەردەمی گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئێران و کوردستاندا ئەم ئەرکە بەمن سپێردراوە. داوای هاوکاری و پشتگیری لەهەموو هاوڕێیانی کۆمەڵە و لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم. ئەرکی گەورە لەبەردەم کۆمەڵەدایە، گەورەترین پەیامم بریتییە لە داوای یەکریزی و تەبایی و هاوکاری، ئەگەریش درزێک یان برینێک کەوتبێتە جەستەی کۆمەڵەوە، دەبێ هەموولا هەست بە بەرپرسیارێتی بکەین.

ئاڵا تاڵەبانی:

چەند پەرلەمانتارێک گفتوگۆی پەرلەمان دەبەنە مزگەوتەکانەوە

دیداری: خەڵەف غەفور

(٢-٢)

خاتوو ئاڵا تاڵەبانی پەرلەمانتاری عیراقە لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، هاوکات بەرپرسی لیژنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکوانێکی بواری مافی مرۆڤ بەگشتی و دۆزی ژنان بەتایبەتی، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدائی کارکردنی پەرلەمانی عیراق و کۆمەڵێک پرسی پەیوەندیدار بەڕۆڵ و کاریگەریی پەرلەمان و ستراتیژی هاوپەیمانی کوردستان و مادەی (١٤٠)، ڕۆژنامەی ئاسۆ ئەم دیدارەی لەگەڵ سازکرد.

***زۆرجار لەکاتی بڕیاردان لەسەر شتێک لە پەرلەمانی عیراقدا لە مزگەوتەکانەوە وتاری لەسەر دەدرێت، هەوڵتان نەداوە ڕێگە لەم شێوازە بگرن؟**

– ئەو مەسەلەیە وایە، ئەو هوتافە دینیانە بە بیانووی ئازادییەوە دەدرێن، بەڵام نازانم ڕێگری چی بکەین و چۆنیش، زۆرجار مینبەری مزگەوتەکانی بەغدا پەرلەمانێکە بۆ خۆی، هەرچی لە پەرلەماندا موناقەشەکراوە، ڕۆژی هەینی لە مزگەوتەکانەوە باسکراوە، جارێکیان لەسەر بودجە گفتوگۆمان کرد، ڕۆژی دواتر لە مزگەوتەکانەوە باسی پەسەندکردنی بودجە دەکرا کە ئەمەش جێگای سەرسوڕمانە، چونکە بودجە ئیشێکی ئیدارییەو پەیوەندی بە مزگەوت و مەلاوە نییە، هۆکاریش ئەوەیە چەند ئەندام پەرلەمانێک خۆیان وتاربێژی مزگەوتەکان و لە حزبەکانیشدا لە ئاستی سەرکردایەتیدان وەک شێخ جەلالەدینی صغیر و شێخ محەمەد الحیدری.

***ژنان چ ڕۆڵێکیان هەیە لە پەرلەمانی عیراقدا؟**

–کوتلەکان هەموویان ژنیان تێدایە و خاوەنی باکگراوندێکی سیاسی و ڕۆشنبیری جیاوازن، هەوڵدەدەین خاوەنی ئەدایەکی جوان بین لە پەرلەماندا، چونکە یەکەمجارە لە مێژووی عیراقدا ژن دەبێتە پەرلەمانتار، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژنی پەرلەمانتار هەیە کە ئەدائی زەعیفە بەهۆی زەعیفی باکگراونی سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە، یاخود هەندێک ژن هەیە کە لایەنە دینییەکەی زاڵە و دەیانەوێت دۆخەکە بە قازانجی خۆیان قۆرخبکەن و دژایەتی مادەی (٤١)ی دەستوور دەکەن کە تایبەتە بە یاساکانی باری کەسێتی، هەیە هەوڵی ڕاگرتنی باڵانسی یاساکە دەدات، بەش بەحاڵی خۆم لەم فراکسیۆنەم و بڕوام بە ڕەش و سپی نییە، چونکە عیراقی ئەمڕۆ دەبێت هەموو شتەکانی بە تەوافوق بێت.

*** مالیکی لەسەردانەکەیدا بۆ تورکیا ڕێکەوتنی کردووە سەبارەت بە پرسی پەکەکە، ئایا دەسەڵاتی ڕێکەوتننامەی ستراتیژی وای هەیە بێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان؟**

–بەتەئکید مالیکی بۆی هەیە ڕێکەوتنی لەو شێوەیە مۆر بکات، دواتر وەزیری دەرەوەشی لەگەڵ بووە، ئەو ڕێکەوتننامەیەش تایبەت بووە بە ئاسایشی عیراق لەگەڵ دراوسێکانیدا، ئەگەر مالیکی لە سنووری ئەو مافە دەوڵەتییە دەرنەچێت ئەوا بۆمان نییە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەین، بەڵام ئەگەر زانیمان شتێکە زیان بە بەرژەوەندییەکانی گەلانی عیراق دەگەیەنێت ئەوا ئەو کاتە قسەی لەسەر دەکەین لەڕێگای لیژنەی ئاسایش و بەرگری و پەیوەندییەکانی پەرلەمانەوە کە بەردەوام لە چوارچێوەی کارەکانی خۆیاندا چاودێری حکومەت دەکەن. دواتریش ئەمڕۆ ئەدائی حکومەتەکەی مالیکی زەعیفە بۆیە بە هەموو شێوەیەک دەیەوێت هاوکاری و پشتیوانی بۆ حکومەتەکەی پەیدا بکات، لەبەرئەوە پێموایە مالیکی ئەوە بەدەروازەیەک دەزانێت بۆ ڕزگاربوونی لەو کێشانە.

*** پێتوایە ئەو هەوڵانە لەبەر مانەوەی خۆیەتی لە پۆستەکەیدا یاخود بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەی ئەمنییە؟**

– ئەگەر مالیکیش بڕوا حکومەتەکە بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن حکومەتێکی زۆرینە شیعەیە، لەبەرئەوە تەنها بۆ شیعە و مالیکی نییە، بەڵکو پەیوەندی بە هاوپەیمان و کوردیشەوە هەیە.

*** تاکو ئێستا بەڕەسمی لە پەرلەمانی عیراقدا باسی پرسی پەکەکەتان کردووە؟**

–نەخێر، باسمان نەکردووە، بەڵام باسی موجاهیدینی خەڵق کراوە.

*** هەڵوێستان چیبوو بەرامبەر دەستێوەردانەکەی تورکیا بۆ خاکی هەرێمی کوردستان؟**

–هەموو جارێک بەبەیاننامەی ڕەسمی پەرلەمان و سەرۆکی پەرلەمانیش دەستێوەردانی تورکیامان ئیدانە کردووە و بە کارێکی ناڕەوامان زانیووە ، چونکە بەپێی دەستوور دەبێت ڕێزی دراوسێیەتی بگیرێت و تەدەخولی کاروبارە ناوخۆییەکانی یەکتر نەکەین.

*** ئەوئیدانەکردنانە تەنها بۆچوون و پێشنیاری هاوپەیمانی بووە یاخود کوتلەکانی تریش پشتگیریان کردووە و هاوڕا بوون ؟**

–بەڵێ هەموویان موتەفیق بوون لەسەر ئەو هەڵوێستە بەرامبەر دەستێوەردانەکانی تورکیا، بەڵام زۆر جار بەیاننامەکە لە هاوپەیمانییەوە دەرچووە و ئەوانیش پشتگیریان کردووە، هەروەها سەرۆکی پەرلەمانیش بە توندی ئەو دەستێوەردانەی ڕەتکردۆتەوە، تەنانەت موقتەدا سەدر ئامادەیی خۆی دەربڕیووە ئەگەر تورکیا دەست لە کاروباری هەرێمی کوردستان وەربدات ئەوا ئامادەیە سوپای مەهدی بنێرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی و پارێزگاریکردن لە خاکی کوردستان، بەڵام هەمیشە هەوڵمانداوە ئەو کێشەیە وەکو کێشەیەکی عیراقی بناسێنین و سەرچاوە ڕەسمییە عیراقییەکانیش وەڵامی بدەنەوە وەک ، چونکە لەو مەسەلانەدا عیراقیانە هەڵوێست وەربگرین باشترە، ئەگینا کێشەکە دەکرێتە کێشەیەکی کوردی_ تورکی کە ئێمە زیانی لێدەکەین و لە بەرژەوەندی گەلەکەماندا نییە کە ئەمە ستراتیژی هاوپەیمانی کوردستانە و بەردەوام کاری لەسەر دەکەین.

مەشهەدانی پیاوێکی خراپ نییە و سیقەشمان پێی نییە

*** خاڵێ بێ هێزی هاوپەیمانی چییە؟**

–ئەوەیە کەوا کەمترین کادری سیاسی باڵایان ناردۆتە پەرلەمانی عیراق بەتایبەتی یەکێتی و پارتی، چونکە دەبوو هەردوولایان چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی خۆیان بناردایەتە پەرلەمانی عیراق، چونکە زۆر بابەت هەیە کە دێتە پێشمان ئێمە لەبەرئەوەی مەرجەعی بڕیاردانی تەواوەتی نین بۆیە ناچارین خۆمانی لێ بدزینەوە بۆ ئەوەی بڕیاری سەرکردایەتی کورد بزانین، بە پێچەوانە لیستەکانی تر ژمارەیەکی زۆر ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی خۆیان کە خاوەنی بڕیارن ناردۆتە پەرلەمان و حەسمی شتەکانی خۆیان دەکەن، ئیتر نازانم هۆکارەکەی چییە؟ لەوە دەچێ ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبەکانی کوردستان ئەندام پەرلەمانی بەکەم و عەیب بزانن.

*** مەشهەدانی دەڵێ هاوسۆزم لەگەڵ کێشەی کورد و خۆم بە دۆستیان دەزانم، ئەمە موجامەلەیە یاخود هەڵوێستێکی ڕاستەقینەیە ؟**

– مەشهەدانی پیاوێکی خراپ نەبووە و بەزەقی هەڵوێستێکی نابینرێ کە دژایەتی مافەکانی گەلی کوردی کردبێ، بەڵام بەڕاستی زۆر سیقەشمان پێی نییە.

*** باستان نەکردووەو بەنیازنین نووسینگەی پەرلەمانی عیراق لە شارەکانی کوردستان بکەنەوە ؟**

–بەڵێ باسکراوە و موافەقەتیشی لەسەر کراوە و بودجەشی بۆ دیاریکراوە و بەم زووانە لە هەموو پارێزگاکاندا نوسینگەی پەرلەمانی عیراق دەکرێتەوە.

*** جگە لە کاروباری پەرلەمان بەچی ترەوە خەریک دەبیت لە بەغدا؟**

– من سەرۆکی لیژنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیم و تاکە ژنیشم سەرۆکی لیژنە بم جگە لە لیژنەی ژنان کە دەبێ سەرۆکەکەی ژن بێت، گوێ لە داواکاری و خواستەکانیان دەگرم، دیارە کۆمەڵگەش لەسەر دەستی ئەو ڕێکخراوانە پێش دەکەوێت، جگە لەوەش ئەندامی لیژنەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیم و کاریش بۆ مەسەلەی ژنان دەکەم.

*** پەیوەندیت لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان چۆنە؟**

–پەیوەندیم زۆر باشە لەگەڵیان، بەردەوام سەردانیان دەکەم بەتایبەتی ئەوانەی شاری سلێمانی، ئەوەندەی پێم کرابێت هاوکاریم کردوون.

*** ئێوە بەردەوام لەگەڵ مام جەلالدا کۆدەبنەوە، یاخود ماوە ماوە دەیبینن؟**

–بەداخەوە تا ئێستا یەکجار جەنابی مام جەلالمان بینیووە لەبەر زۆری ئیشوکارەکانی، بەڵام بەردەوام بۆچوونەکانیمان پێدەگات لەڕێگای د. فوئاد و فریاد ڕەواندزییەوە و ئاگای لە هەموو نوێنەرانی کوردە لە بەغدا و پشت و پەنامانە.